# تورکیا- عێراق: دەهۆڵ و تەپڵی شەڕ بە قایم لێدەدرێ

**Rene Wadlow**

11/4/2007

**<u>سیار محەمەد ساڵح کردوویە بە کوردی</u>**

**لە 17ی ئۆکتۆبەری 2007، پەرلەمانی تورکی ڕێگەی دا بە حکوومەت کە هێز بۆ باکووری عێراق بنێرێ دژی ئۆردو و کامپەکانی پەکەکە. ئەم دەنگدانەی پەرلەمان، بەدەمەوەچوونی ئاخاوتنی 9ی ئۆکتۆبەری حکوومەت بوو کە داوای کردبوو ڕێگەی پێ بدرێ هێز بۆ ئەو دیوی سنووری عێراق بنێرێ. لە شەممە، 20ی ئۆکتۆبەر، لە هێرشێکی کوردیدا 10 سەربازی تورکی کە لەسەر سنوور بوون، کوژران. سەرکردەکانی تورك و دەسەڵاتە سەربازییەکان لە 21ی ئۆکتۆبەر، یەکشەممە، بۆ دانانی پلانێکی کار، کۆبوونەوە. لەو دیوی سنووری عێراق، خۆپیشاندانی گەورە-گەورە بۆ پشتەوانیکردنی کوردستان و هوشداریدان ساز کرا کە ئەگەر هێزەکانی تورکیا بێنە ناوەوە، خەڵکی کورد شەڕیان دەکا. لەهەردوو دیوی سنووردا، دەنگی تەپڵ و کەڕەنای شەڕ بەرز بۆوە.**

**حکوومەتی ئەمریکی داوای هێورکردنەوەی ڕەوشەکەی کرد، وەزیرانی دەرەوەی ئەورووپیش، تۆزی سەر فایلەکانیان داوەشاندە سەر پەکەکە (واتە ئۆباڵەکەیان خستە ئەستۆی پەکەکە- وەرگێر). بەهەرحاڵ، ئەوە کاری ڕێکخراوە نا حکوومییەکانە کە ڕێگەیەکی پان بۆ پێوەندی و تەماس بۆ کوردو تورکان بیننەوە کە داخوا چ شیان و ئیحتمالێك بۆ وتووێژ هەیە کە ڕێگە لە تەشەنەسەندنی زەبروزەنگ و توزندوتیژی زیاتر بگرێ.**

**حکوومەتی تورکی لە بن فشاری سوپا و بەشێکی خەڵکدایە کە شتێك بکا، پاش تەقینەوەی ئەو مینە زەمینییەی لە 7ی ئۆکتۆبەر لە 25ی کیلۆمەتر دووری سنووری عێراق لە ویلایەتی شەرناخ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا نرابووەوە. ئەو مینە 13 سەربازی کوشت. سوپا حەجمانی لەو ڕاستییە نەماوە کە چەکدارەکانی پەکەکە لەناو خاکی تورکیا هێرشیان بکەنە سەرو دواتر لە سنوور بپەڕنەوە بۆ ناو کوردستانی عێراق. حکوومەتی تورکیا لە ژێر فشاردایە بۆ ڕازیکردنی سوپا، پاش ئەوەی سوپا قبوڵیکرد عەبدوڵڵا گویل-ی وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا بە سەرکۆمار هەڵبژێردرێ. هەندێك، بەتایبەتی لەناو سوپا، وا هەست دەکەن کە باوەڕە ئیسلامییەکانی گویل، سروشتیی عەلمانیی دەوڵەتی تورکیا دەخەنە بەر خەتەر. هەروا قسە لەسەر کودەتای سەربازیش بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵبژاردنی گویل دەکرا. لەکاتێکدا ئەو ڕەخنەو دژایەتیکردنانەی گویل ساردو هێوربوونەوە، سوپای تورکی چاوەڕوانی هەندێ چاکەدانەوە بوو لە بری میانرەویی خۆیان لە بەرەی سیاسیدا. هێرش و پەلاماری تەمبێکارانە بۆ ناو عیراق لەوانەیە بارتەقای ئەو چاکەدانەوەیە بێ.**

**لە 15ی شوباتی 1999، عەبدوڵڵا ئۆجالان-ی سەرکردەی پەکەکە لە ڕێگە، لە نێوان باڵیۆزخانەی یۆنانی لە نایرۆبی-کینیا و فرۆکەخانە، ڕفێندراو گەیەندرایەوە تورکیا و لەوێ دادگایی کراو حوکمی لە سێدارەدانی بۆ بڕێنرایەوە. سزای مردن، لە ساڵی 2002دا، بووە زیندانی هەتاهەتایی پاش نەهێشتنی سزای مردن لە تورکیا لە ساتەوەختی ئاشتیدا. ئەو ئێستا لە زیندانێکی تاکە کەسیی گۆشەگیر لە بەندیخانەیەکی تورکی لە دوورگەی ئیمرالی بەند کراوە. لە میانەی دادگاییکردنەکەیدا، داوای لە پەکەکە کرد واز لە توندوتیژیی چەکداری بهێنێ و خەباتێکی مەدەنی ئۆرگانیکزەکراو دەست پێ بکا.**

**هەرچەندە پەکەکە بۆ ئەوە دروست بووە تا یەکسانی بۆ کوردان لە تورکیا بەدیبهێنێ، بەڵام لە بیرکردنەوەی ئۆجالاندا ڕەهەندێکی پان -کوردیش هەیە. مادام کورد لە ئێران، تورکیا، سوریا و عێراق هەن، هەمیشە ئومێدو هیوایەك لەناو هەندێ کوردا بەهاتنەکایەی کوردستانێکی یەکگرتوو هەیە. هەر تشتەك بۆ کوردان هیوا بێ، ئەوا بۆ حکوومەتەکانی تورکی، ئێرانی ، سووری و**

عێراقی ترس و خۆفە. رووداوو پێشهاتەکانی ئێستا دەخوازن وا چویان لێ بکرێ کە دژی باکگراوند و مێژووی بزووتنەوەگەلی کوردن لە هەر چوار وڵاتدا. حکوومەتەکان ئەم گروپ و ئەو کۆڕوکۆمەڵی کوردیان دژی یەکتر (دژی وڵاتەکانی دی) بەکارهێناوە. لەکاتێکدا پارێزگا کوردنشینەکانی عێراق ئەمڕۆ لە هەموو بەشەکانی تری وڵاتەکە هێورترن، بارگرژی لەنێوان گروپەکانی کورد لەسەر دەسەڵاتدا (ئەم داوەرییەی نووسەر راست نییە و ئێستا کورد لە عێراقدا لە هەموو کاتێکی تر کۆکترن لە ناوەخۆیاندا- وەرگێر)، لەنێوان کوردان و کەمینەکانی تر لە ناوچە کوردنشینەکاندا، لە نێوان حکوومەتی کوردستانی عێراق و حکوومەتی مەرکەزیی عێراقدا، کەم نین.

ناسیۆنالیزمی کوردی تا رادەیەك تازەیە. لەسەردەمی عوسمانلیدا، ئایین فاکتەری سەرەکی دیاریکردن و دابەشبوون بوو. کوردو تورك بەیەکەوە لەناو (دارولئیسلام) بوون، لەکاتێکدا ئەوانی دی، دیان و فەلەو جووەکان تا رادەیەکی سیستەمی میللەتی خۆبەرێوەبەری خۆیان بوون. پرسی کورد توخمێکی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانلی بوو بۆ دەوڵەتگەلێکی وەکو تورکیا، سوریا، عێراق و ئێران. مادام تورکیا، دڵی ئیمپراتۆریایەکەیە، توخمگەلی ئایدیۆلۆجی و راگوێزەکی لەناو تورکیادا بەهێزترەو ناسنامەی کەسایەتیی بووە بە فاکتەرێکی سەرەکی لە هەڵگێرانەوەی کۆمەڵگەی تەقلیدی، کە تیایدا ناسنامەکان بەهۆی ئایینەوە دیاریدەکران لەسەر ئاستی جەماعی، بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن کە تیایدا ئامانج دیاریکردنی ناسنامەی کەسایەتییە لەسەر ئاستی دەوڵەت. لەسەر ئاستی دەوڵەت، تەنیا هاووڵاتی تورکی یان هاووڵاتیانی تورکیا هەن. کێشەکە لەوە دایە کە داخوا هەموو هاووڵاتییان لە رووی ئێتنییەوە تورکن یان داخوا هاووڵاتییەکی تورکیا دەتوانێ ناسنامەیەکی تری ئێتنی هەبێ و هەموو شیان مافەکانیان وەکو هاووڵاتیی لە تورکیا هەبێ.

لە سەردەمی یەکەمی دەوڵەتی تورکیادا (1924-1945)، هەریەکێك (لەناو تورکیادا ئاکنجی بایە) بە تورك حیساب دەکرا تەنانەت ئەگەر ئەو خۆیشی پەی پێ نەبردایە (درکی پێ نەکردایە). تیورریەکە وا بووە کە تورك لە ئاسیای ناوەراستەوە هاتوون، هەموو دانیشتووەکانی بەر لەخۆیان، لەناوەخۆیاندا تواندۆتەوە، تەنانەت ئەو کوردانەیش کە لە ناوچە شاخاوییە گۆشەگیرەکاندا ژیاون و بە زمانێکی غەیرە-تورکی ئاخاوتوون. پروپاگندەی دەوڵەتیش لە میانەی خوێندنی مێژوو  و دیراساتی زمانەوانی جەختی لەوە دەکردەوە کە هەموو کەسێك تورکە، تەنانەت ئەوانەیش کە ئەو راستییە فەرامۆش دەکەن. کورد، "تورکی کیویلکەو شاخاوین".

بەزۆری وا رووەدا، کاتێ ناسنامەی زمانەوانی و مێژوو بۆ مەبەست و نیازی سیاسی بەکار دەبردرێ ، دژە مێژوو و دژە زمانەوانی دێنە پێشەوە. لە سەرینی ئەمەوە روناکبیرانی کورد دەستیان دا خوێندنەوەی مێژووی خۆیان، وردە-وردە، بنیادێکی روناکبیریی کوردینی هاتە کایەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی دوای شەڕی دووەمی جیهان. هەرچەندە زۆرینەی کوردان خۆیان لە بۆتەی خێڵەکی بنەماڵەییدا دەبیینەوە، لێ لەناو کەسایەتییە بەئاگایە سیاسەتکارو روناکبیرەکان، ناسنامەیەکی پان-کوردی دەستیکردووە بە نەشونماو جەخت لەسەر خزمایەتی و نزیکایەتی لە گەڵ ئەو کوردانەی لە عیراق و ئێران و سوریا دەژین دەکەنەوە. لە 1920ەکان و 1930یەکاندا، شۆرشگەلێکی توندوتیژی تەمەنکورت دژی سەمت و تەوژمی بە مەرکەزیکردنی حکوومەتی تورکیا سەریانهەڵدا. لێ ئەو شۆرشانە لەلایەن سەرۆك خێڵ و سەرکردەی ئایینیی کاریزمایی رابەرایەتی دەکران. 1984 پەکەکە، کە لەلایەن گەنجانێکی موتەئسیر بە مارکسیزم و دوور لە سەرکردە خێڵەکییە کوردییە تەقلیدییەکان دروستکرا، پروگرامێکی توندوتیژیان دژی دەوڵەتی تورکیاو ئەو کوردانەی پێیانوابوو هاوپەیمانی حکوومەتی  تورکیان دەست دایێ. پەکەکە لەناو ناوچە شاخاوییە هەژارنشینەکاندا بەهێزە کە زەحمەتە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت کنەیان لەناودا بکا. پەکەکە بنکەی سەربازی لە باکووری عیراق و کەمپی مەشقکردنیان لەناو سوریادا هەیە.

کاردانەوەی یەکەمی حکوومەتی تورکیا لە بەرانبەر ئەوەدا،  ئەو زەبروزەنگەی بە تیرۆریزم ناوزەد کردو وەکو کێشەیەکی سەربازی مامەڵەی لەتەکدا کرد کە دەبێ بە رۆێوشوێنی سەربازی چارەسەر بکرێ. ئەمە تا ئێستا هەڵوێستی زۆر لە کەسایەتییە سیاسییەکان و زۆرینەی هەرە زۆری سوپایە. لێ دوای چەندین ساڵی زەبروزەنگ و شەڕو شۆڕ، کە چەندین کەس کوژراون و

**چەندەها گوند خاپووربوون، پەکەکە هەر لەویٚ ماوەتەوە. بەهەرحالٚ، پەکەکە (بەزەرورەت) نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکی کورد ناکات. لەناو تورکیادا، پێویست بە دیموکراتیزەکردنی زێتر و گواستنەوەی دەسەلاتگەلی بڕیار سازکردن و بەرەو پێشەوەبردنی دیالۆگ هەیە. هەموو کاربەدەستان، حزبە سیاسییەکان، ئەفسەرەکانی سوپا حەزیان لە چوون بەرەو دیموکراتیزەکردنی زێتر و پلوراليزم لە کۆمەڵگەی تورکیدا نییە. لەهەمانکاتدا، لەناو زۆر رادیکاڵی کوردا سەمت و ئاقارێك هەیە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێك لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمێکی ئیتنی رووت و قووت. چارەسەری سانا لە گۆریٚ دا نییە، زەمەن لە خۆیەوە شتەکان چارەناکات. دەبیٚ لەنێو کوردو تورکاندا سەرکردایەتییەکی وا بێتەکایەوە کە نەزۆکی و بیٚ هودەیی زەبروزەنگ هەست پیٚ بکەن و بنەمایەك بۆ کۆمەڵگەیەکی لیبرالی و دیموکراتی دابڕێژن. رووداوەکان لە تورکیا، عیراق و ئێران هەموویان کار لەیەکتری دەکەن. رێوشوێنی خۆپارێز (وقائی) لە نەتەوە یەکگرتووەکان و حکوومەتگەلی نیشتمانی و رێکخراوە نا حکوومییەکان دەخوازریٚ.**

**<u>Rene Wadlow</u>: نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە، جنێف، لە کۆمەڵەی هاوولاٚتێتیی جیهانی، نووسەری گۆڤاری سیاسەتگەلی جیهانیی ئیلکترۆنییە.** www.transnational-perspectives.org